# ١١ سپتامبر پێناسەی تڕۆریسم .

سەعیدکاوە ( کوێستانی ) ٢٠٠٢/٩/١١

لە مێژووی میللەتاندا بیرەوەریەکی گەلێك زۆر تۆمارکراوە. هێندێك بیرەوەری خۆش و دڵخۆشکەرن و مرۆڤ هەرکاتێ وەبیری دێنەوەخۆشحاڵ دەبێ و دەگەشێتەوە. بەتایبەتی لە نێو ئەو بیرەوەریە خۆشانەدا دەکرێ دەست لە سەر ناسینی گەلانێك دانێین کە لە ژێر دەستی رزگاریان دێ و بە بیچمی جۆراوجۆری کۆمەڵگای خۆیان وەك نەتەوە و دەوڵەت لە سەرزەوی بەڕەسمی دەناسرێن و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتی نەتەوەو دەوڵەتی خۆیان دەکەن. کاتێ میللەتێکی ژێردەست رزگاردەبێ و بەڕەسمی دەناسرێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەریدەگرێ و لە کۆبوونەوەو بڕیارداندابەشداردەبێ و دەچێتە ریزی دەوڵەتان و، وەك نوێنەری میللەت و دەوڵەتێك دەنگی دەبێ وحیسابی لەسەر دەکرێ.

دیارە بیرەوەری تاڵی ناخۆش و دڵتەزێن و پشتشکێنی هەرگیز لە بیرنەکراویش گەلێك گەلێك زۆرن کە مێژوو سەبت و زەبتی کردون و هەرگیزفەرامۆش ناکرێن.

بەکورتی بیرەوەری خۆش و ناخۆش وێڕای ئەوەی لە مێژوودا نووسراون و زەبت کراون، زۆربەیان لە ڕۆژو ڕێکەوتی خۆیاندا بیرەوەریان لێدەکرێ و یادیان لێدەکرێتەوە.

گەلی کورد کە یەکێك لەگەلانی سەر زەوییە، وێڕای دەست بەسەر داگیراوی، بەسەرچوار دەوڵەتی فارس و عەرەب و تورك دابەشکراوە.گەلێك خۆشی کورتخایەن وناخۆشی دوورو درێژی بەخۆیەوە دیوە . کاتێ لاپەڕەکانی مێژووی پڕە لە کەم و کووڕی و نیوەچڵیی ڕووداوکانی نەتەوەی کورد هەڵدەدەینەوە ، ئەوەی بەسەرکورد هاتووە کەمتر لەمێژووی نەتەوەکانی تردا دەبیندرێن .

بۆیە ئاماژە بەکەم و کووڕی نیوەچڵی ڕووداوە مێژوویەکانی نەتەوەی کورد دەکەم، چونکە گەلی کورد خاوەن دەسەلاَت و دەوڵەت نەبووەو نیشتمانەکەی داگیرو دابەشکراوە، بێگانە و نووسەرانی بێگانە بەسەرهات و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کوردیان نووسیوەتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا کە گەلی کورد ژێردەست و بێدەسەلاَت بووە،کەم تازۆر، رووناکبران ئەگەر بەدزیش بووبێ لە بیرەوەری ڕۆژانی خۆش و ناخۆشدا یاداوەریان لێکردوە نەیان هێشتووە لە بیربچنەوە، هەرچەند زۆرجاریش

بەگران لەسەریان ڕاوەستاوە. بالانیکەم بۆ نموونەش بێ ئاماژە بە چەند ڕووداوی خۆش و ناخۆشی مێژوویی بکەم ، وەکوو:

ددان پێدا نانی گەلی کورد لە پەیمانی سیڤردا، پاشگەزبوونەوە لە پەیمانی لۆزاندا . ڕاگەیاندنی حوکمی مەلیکی لە سلێمانی و تێکدانی لەلایەن ئینگلیزەوە . ڕاگەیاندنی کۆماری نەتەوایەتی کوردستان لە مەهابادو تێکدانی لەلایەن ئێران و...

ئەوسێ خاڵەی ئاماژەیان پێکرا، نموونەیەکی بچووکن لە خۆشی و ناخۆشیەکانی گەلی کورد. دیارە ڕۆژانی ناخۆش و دڵتەزێن لە مێژووی میللەتەکەماندا یەکجار زۆرن . هەرلە سەردەمی ئێمەدا بە دەیان ڕۆژانی ناخۆش و دڵتەزێنی وەکوو بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجەو پتر لە ٥٠٠٠ هەزار شەهید، لە ناوچوونی ناوچەی گەرمیان و ١٨٣ هەزار ئەنفال، بێسەرو شوێن کردنی پێنج شەش هەزار بارزانی و........

مەبەست لەو نووسراوە، بیرەوەری خۆش و ناخۆشی مێژووی میللەتانەو هەروەها دواین کارەساتە لە ڕووداوێك کە پێنج هەزارمرۆڤ بوون بەقوربانی و لەناوچوون. واتە: ڕووداوێکی ناخۆشی کە لە شاری نیۆرکی ئەمریکا لە ڕێکەوتی ١١ سیپتامبری ساڵیی دووهەزارو یەکی زایینی ڕوویدا .

هەروەك هەموولایەك ئاگادارن ١١ی سیپتامبر واتە: پارلەم ڕۆژەدا بە هۆی چەند مرۆڤێکی نەناسراو هەروەها وەحەواختنی چەند فرۆکەیەکی ئەمریکی وخۆ پێدا کێشانیان بەکۆشکی تیجاری جیهانی ئاسمان خراش لە ناوەندی شاری نیێورك ڕوویدا، کە جگە لە بەین بردنی پتر لە پێنج هەزارکەس زیانێکی یەجگار زۆری ماددیشی لێکەوتەوە . بە پێی ڕاگەیاندنی ئەمریکا، ئەو کارەساتە بەکردەوەی ئەو ڕێکخراوە ئیسلامیانە لە قەڵەم درا کە ئوسامە بن لادێن دایمەزراندون و ڕێبەرایەتیان دەکات . ئەمریکا وێڕای ئەوەی بە تەئیدی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئوروپاو چەند دەوڵەتێکی تر لە ژێرناوی ئەوەی کە ئوسامەبن لادێن و هاوکارانی لە ئەفغانستانن، هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئەو وڵاتەو هێزێکی گەورەی وەك تالیبانی لە دەسەڵات خست . ئیستا کە خەریکە وردە وردە بەرەو نەمانی کاتی بچن و پاشماوەیان ڕوویان لەشاخ و کێو کردوە. بەشێکیش بە نهێنی لە شارەکانی ئێران خۆیان حەشار داوەو هەروەها ئێران هێندێکی بۆ باشووری عێراق دەرباز کردوون و لە گیانی گەلی کوردی بەرداون و جارێ نەی هێشتووە بکەونە دەست هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی ئەمریکا .

دەوڵەتی ئەمریکا هەڕەشەی لە زۆر دەوڵەتی گومان لێکراوو هاوکارانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی سەربە ئوسامە بن لادێن کرد. بەلام ورده ورده هەڕەشەکەی باریك کردەوەو، سەرئەنجام هاتۆتە سەرئەو ڕایە بە توندی دوو دەوڵەت بە تڕۆڕیست بناسێ. واتە تائێستا لەسەرعێراق و ئێران ساغ بۆتەوە. زاهیرەن عێراقی بۆ لێدانی هەوەڵ داناوەو دەبینین ورده ورده بە ناخوونەك لێیەدا. ئێرانیشی بۆ دەوری دوهەمی دوای سەرنگونی عێراق دەست نیشان کردوە. دیارە لێدانی ئەودوانەش بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی خودی ئەمریکا کە داخوا چۆنی بە باش دەزانێ لێیاندا. یاخۆ بە هەڕەشە لێدانی ناخوونەك مەبەستو داخوازیەکانی خۆی دابین دەکات.

مەبەستی من ئەوە نییە کە داخوا لەعێراقو ئێران دەدا یان دەیەوێ بە هەڕەشەو پڕووپاگاندو پێك هێنانی ترس و وەحشەت بیان رووخێنێ. مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەو مەقالەیە، بیرەوەری ئەو رۆژە و ئەو رووداوەی شاری نیۆرکەو هەروەها هاشاکردنی دەسەلاتدارنی رژیمی ئێرانە کە بەرماڵیان لە ئاو دەدەنو تڕۆڕ بە کارێکی ناپەسند دەزانن !؟ وا دەنوێنن کە دەستیان لە هیچ تڕۆرێکدا نییەو دژی تڕۆرن و دەیانەوێ ئاوی پاك بەسەرخۆیان دابکەن. قسەو باسو خۆتەبرەئە کردنی دەسەلاتدارانی ئێرانی وەئەوەی دەچێت: قاتڵ لەسەرسینگی کوژراو بێتو خەریکی دەرێنانەوەی خەنجەر لەشی کوژراوێ و لەهەمان کاتدا دەستی خوێناوی خۆی بەرزکاتەوەو هاوار بکات؛ هۆی خەلکینە من بێ تاوانم !؟

دیارە قاتل و تڕۆریست هیچ کاتی ناڵێ من تاوانبارم. لایەنی تاوانباربۆیە مرۆڤ کوژیو تاوان دەکا، تا تەمەنی پڕ لە شەرمەزاری خۆی درێژە پێ بدات. چوونکە پردی بەرەو کۆمەڵگای رووخاندوەو ڕێگای مانو ژیانی لە خۆی بڕیوەو جگە لە کوشتارو تاوان ڕێگایەکی تری نییەو ناچارە لە نێو خوێنو تاواندا خۆی بشارێتەوەو درێژە بە ژیانی پڕشەرووری خۆی بدات.

سەیروسەمەربوون لەوەی دایە، دەتوانین بەڕاشکاوی بڵێین: دەسەلادارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا تڕۆڕیست نین، بەڵکو تڕۆڕیست پەروەریشن. دیارە دەوڵەتێکی بیهەوێت ئیدەئۆلۆژی و یاساو سیاسەتی نە خوازراوی پڕلەتاوانکاری ولاتەکەی خۆی بۆ جیهان بنێرێو لە ولاتانی تری جێگیر بکا، دەبێ وەحشەتو تڕۆڕیشی لەگەل دابێ. بێشك بەڕێوەبەری تڕۆر، دەبێ تڕۆڕیستیش پەروەردە بکات بۆ ئەوەی لەئەنجامدانی تاوان پەکی نەکەوێت. ئێستاکە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی هاشا لە

تڕۆرو تڕۆڕیست پەروەری دەکەن ، وەکوو ئەوە وایە؛ وشتر سەری لە بن پنچکێدا بشارێتەوەو پێی وابێ کەس نەیدیوە. پێشینیان گوتویانە : درۆزن فەرامۆشکارە. ڕەنگبێ پێیان وابێ: دەوڵەتان و سیاسەتمەداران و روناکبیران ، وەك ئەوان فەرامۆشکارن و کردەوەی ٢٦ ساڵەی ئەو رژیمەیان لە بیر چۆتەوە!؟

ڕەنگبێ خۆیان لەوە گێل بکەن و پێیان وانەبێ کە تڕۆر لەسەردەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا پەرەی ئەساندوە !؟

ڕەنگبێ پێیان وابێ ئەو تڕۆڕانەی لە ئاسیاو ئوروپاو ئەمریکا کراون ، خەڵکانی ئەو جیهانە لە بیریان کردون !؟

ڕەنگبێ ئاخوندەکانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابێ ؛ کوشتاری بێروحمانەی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکان ئێران لەبیرکراون !؟

ڕەنگبێ بیانەوێ خۆیان گێل کەن لەوەی کە لە شەوێکدا ٥٩ لاوو مێرمنداڵی کورد لە شاری مەهاباد قەتلعام کران و ئێستاش لاشەکانیان بەکەس و کاریان نەدراونەوە !؟

ڕەنگبێ تڕۆر کردنی ٢٨٠ کادرو پێشمەرگەی کوردی رۆژهەلاتو رێکخراوە سیاسیەکانی ئێرانی لە باشوری عێراقدا بە بەرنامەی رۆژانەی خۆیان دانەنێن !؟

ڕەنگبێ تڕۆری بە کۆمەڵی گوندی قارنێ و قەلاتان و ئیندرقاش و کورەخانەکانی چۆمی مەجیدخان، بە ئی خۆیان نەزانن !؟

ڕنگبێ ...ڕنگبێ ... ڕنگبێ ... هەزاران ڕنگبێی تر ، هتد.

ناکرێ تاوانکاریەکانی کۆماری ئیسلامی بەو دوو سێ ئاماژانە کۆتایی پێ بهێنری ، بەڵکوو ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا یەك هەزارومی ئەوخوێن ڕێژیانەیە کە سەردەمدارانی ئەو رژیمە کردویانە. ئاماژەکان تەنیا بۆ نموونەیەکی بچووکی وەبیر هێنانەوەن و هاشا کردنی بەڕێوەبەرانی ئێران لە تڕۆر کردن و تڕۆڕیست پەروەردە کردن ، ناتوانێ چەنگی خوێناویان بشارێتەوەو خۆیان لە غەزەبی تۆڵە کردنەوەی خەڵکانی ئێران بپارێزن . ئەگەرئەمریکاو ولاتانی ئوروپای ڕۆژئاوایی راستبکەن و بیانەوێت کردەوەوکردارو بیری تڕۆڕیسم بەوەستێنن و تڕۆرو تڕۆڕیست پەروەران ڕیشە بڕ بکەن ، بێشك دەسەلاتدارانی کۆماری ئێسلامی ئێران سەرقافلەو سەرچاوەی تڕۆڕیسمی نێو نەتەوەیین و لە وێڕا سەرچاوەی تڕۆڕیسم ڕیشەبڕدەکرێ .